فیلمی سینەمایی "ئەزموون" لە شاری ئەبووزەبی لە وڵاتی ئیمارات نمایش کرا

مەنسوور جیهانی ـ

فیلمی سینەمایی "ئەزموون" لە دەرهێنانی "شۆکەت ئەمین کورکی" و نوێنەری وڵاتی عێراق لە ئاکادیمیای ئیسکاری ساڵی 2023 لە ناوەندی هونەری "العین القطره" لە شاری ئەبووزەبی لە وڵاتی ئیمارات نمایش کرا.

فیلمی سینەمایی "ئەزموون" The Exam چوارەمین فیلمی بەندی سینەماکاری کورد "شۆکەت ئەمین کورکی"، لە بەرهەمهێنانی "مەمەد ئەکتاش"، بەرهەمی هاوبەشی هەرەمی کوردستان و وڵاتانی ئەمانیا و قەتەر؛ بە یەکەمین جار لە ناوەندی هونەری "العین القطره" Al-Ain's Al-Qattara لە شاری ئەبووزەبی لە وڵاتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی پیشکەش کرا. کەمپانیای سینەمایی میسری MAD Solutions مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە کوردییەی لە وڵاتانی عەرەبی لە ئەستەدایە.

ئەمە بۆ دووهەم جارە کە یەکێک لە فیلمەکانی "شۆکەت ئەمین کورکی" بە ئاکادیمیای ئیسکار دەناسێندرێت؛ بۆ یەکەمین جار، فیلمی سینەمایی "بیرەوەرییەکانی سەر بەرد" Memories On Ston لە ساڵی ٢٠١٦ بە هەشتاو و هەشتەمین خولی خەڵاتی ئیسکار بە ناونیشانی باشترین فیلمی زمانی بیانی بە شێوەی فەرمی لە لایەن وڵاتی عێراقەوە ناسێندرابوو.

"ئەزموون" لە یەکەمین نمایشی جیهانی خۆیدا لە بەشی "پێشبڕکێی سەرکی" Crystal Globe لە پێنجا و پێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "کارلۆڤی ڤاری" Karlovy Vary لە وڵاتی کۆماری چیک نمایشکرا و توانی خەڵاتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕەخنەگرانی فیلم واتە "فیپڕێشی" FIPRESCI ئەم ڕووداوە گرینگ و پڵە یەکەی سینەمای جیهان بەدەست بهێنێت.

ئەم فیلمە کوردییە لە درێژەی بەشداریپێکردنی جیهانییەکانی خۆیدا خەڵاتی باشترین فیلمی نێودەوڵەتی لە سێ و حەوتەمین خولی

فستیڤالی نودوودتی فیلمی "سانتا باربارا" Santa Barbara لە وڵاتی ئەمریکا، خەڵاتی باشترین سیناریۆی بۆشی "پشبەکی سەرکی" لە نزدیەمین خولی فستیڤالی نودوودتی فیلمی "تیرانا" Tirana لە وڵاتی ئەلبانیا، خەڵاتی "سندووقی جماوەری ەکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان" UNFPA لە بۆشی پشبەکی "پانەامای نودوودتی" لە چل و سیەمین خولی فستیڤالی نودوودتی فیلمی "قاهیرە" Cairo لە وڵاتی میسر، خەڵاتی باشترین فیلمی بۆشی "پشبەکی نودوودتی" لە بۆشی سەرکی بیست و حەوتەمین خولی فستیڤالی نودوودتی فیلمی "ڤیکتۆریا" Victoria لە وڵاتی کەنەدا و هەروەها خەڵاتی تایبەتی ئەندامانی لەژنەی دادوەرانی بۆشی "پشبەکی نودوودتی" لە سی و حەوتەمین خولی فستیڤالی نودوودتی فیلمی "مۆنس" Mons لە وڵاتی بەلژیکای بەدستهێناوە.

"ئەزموون" بەرهەمی کەمپانیای "میتەس فیلم"ی بەڵین و کەمپانیای "مەستی فیلم"ی سلەمانی کە بە پاپشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمهاتووە و لە لایەن کەمپانیای ئەمانی "ئاەت هوود" ArtHood لە جیهاندا بڵاودەبتەوە.

لەم فیلمە سینەماییدا کەمەک ئەکتەری بەئەزموونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەندین ئەکتەری گەنجی کوردستان تیایدا ەەیان بینیوە، لەوانە: ئاوان جەماڵ، ڤینا سالار، حوسێن حەسەن، شوان عەتووف، هوشیار زەەە نەرۆیی، نیگار ئەسمان، کاوە قادر، عادڵ عەبدوالەەحمان، حەمە ەەشید هەرەس و یانا توانا.

فیلمی سینەمایی "ئەزموون" لە دوایین بەشداریی نەودەوەەتی خۆیدا بە ئامادەبوونی "ئاوان جەماڵ" یەکەک لە ئەکتەرە سەرکییەکانی ئەم فیلمە، بە یەکەمین جار لە کاتژمێر 4ی دوانیوەەی ەەژی 3ی دیسەمبەری 2022 لە شاری لەس ئانجلەس و لە کاتژمێر 1ی نیوەەی ەەژی 6ی دیسەمبەری 2022 لە شاری نیۆیەرک لە وڵاتی ئەمریکا نمایش کرا و هەروەها لە درێژدا کاتژمێر 4ی دوانیوەەی ەەژی 8ی دیسەمبەری 2022 لە شاری بەڵین لە وڵاتی ئەمانیا پشکەش کرا.

بەەەوبەرایەتی ەاگەیاندنی گشتی فیلمی سینەمایی "ئەزموون".